

# منداڵەکەم نەنکی خۆشتر دەوێت...

ئەو منداڵانەی لەنێوان دایکو داپیرەیاندا بەخێودەکرێن

**ئا: ئاوێنەکان**

کامیان لەسەر هەقن؟
زۆربەی جار کە کێشەیەک لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ دێتە ئاراوە ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە ئایا کامیان لەسەر هەقن؟ نەنک یان دایک؟.. دایک پێی وایە کە نەنک پەروەردەی منداڵ دەشێوێنێت بەوەی نازێکی زیاد لەپێویستی دەداتیو لێی ناپرسێتەوە، هەر هەڵەیەکیش بکات چاوی لێدەپۆشێت، داپیرەش پێی وایە نابێت دایک ئەوەندە لەگەڵ منداڵەکەیدا توندبێت، هەمان کات زۆر باشە ئەگەر ئەوەندە نازی بدرێتێ، چونکە کە منداڵ دایکو باوکی دڵی دەشکێنن دەبێت کەسێک هەبێت پەنای بۆ ببات ئەو کەسەش داپیرەیە، بۆیە هەمیشە گفتوگۆ لەسەر ئەوە درێژە دەکێشێت کە ئایا کامیان خاوەنی هەقن؟

### تەنها رای وەربگرن

توێژەری دەروونیو سەرۆکی سەنتەری راوێژکاری خێزان بۆ گرفتە کۆمەڵایەتیو دەروونیو پەروەردەییەکان، سامان سیوەیلی جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەهەموو حاڵەتێکداو بەشێوەیەکی سروشتی وا باشترە دایکو باوک خۆیان منداڵەکانیان بەخێو بکەن، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات لەم سەردەمەی ئێستاداو بەهۆی زۆریی کێشەو ئاڵۆزی ژیانەوەو سەرقاڵبوونی دایکو باوک، رەنگە ئەو خێزانانە ناچار بن منداڵەکانیان ببەنە باخچەی ساوایان، یان دایەنگاکان، یاخود نزیکترین کەسیان کە نەنکە، چونکە وای لێکدەدەنەوە بەهەمان شێوازی خۆیان ئاگای لێیدەبێتو جێگای متمانەی زیاتریشە.
ناوبراو ئەوە بەمەترسی دەزانێت لەماڵێکدا دایکو نەنکەکە منداڵە بەخێو بکەن، چونکە پێیوایە ئەوکاتە منداڵەکە بەشێوەیەکی پەروەردەیەکی دژ بەیەک، بەخێو دەکرێت، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە دایکی بەشێوەیەک پەروەردەی دەکاتو نەنکیشی بەشێوەیەکی دیکە.
هەروەها روونیکردەوە کە زۆرجار رەنگە منداڵەکە لەلای نەنکی باشتر ژیر ببێت، لەبەرئەوەی قسەی خۆشی بکاتو گەرموگوڕییەکی زیاتری پێدەبەخشێت، بەڵام دایکی لەبری ئەوەو بەهۆی سەرقاڵی زۆریەوە، لەماڵەوە بەئامێرێکی ئەلکترۆنی یان تەلەفزیۆنەوە مەشغوڵی دەکات.
سیوەیلی پێی باشە لەم سەردەمەدا دایکو باوک بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان تەنها رای نەنک وەربگرن، نەک هەموو ئەو قسانەی بۆ پەروەردەکردن دەیڵێت بەقسەی بکەن، چونکە سەردەمی رابردووو ئێستا جیاوازترەو ناکرێت لەئێستادا پشت بەبۆچوونەکانی نەنک ببەسترێت.

### لەنێوان توڕەییو نەرمو نیانیدا

رەیحان مارف کە ژنێکی تەمەن ٦٣ ساڵەو داپیرەی سێ منداڵە ئەوە روون دەکاتەوە کە هەمیشە لەسەر ئەو مەسەلەیە کێشەیەتی لەگەڵ کچەکەیدا، چونکە کچەکەی پێی وایە دەبێت بەتوندی مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکرێتو هەمیشە چاویان لەسەربێت تا هەڵە نەکەن، ئەگەر هەر هەڵەیەکیشیان کرد سزا بدرێن، کاتێکش لەماڵەوە بچنە دەرەوەو منداڵەکان لەلای نەنکیان بەجێ بهێڵن، ئەو بەپێچەوانەوە نازێکی زۆریان دەداتێ، بۆیە رەیحان دەڵێت «ئەوەندە منداڵەکانم خۆش دەوێت دڵم نایەت لێیان توڕە ببم، دایکیان کەیفی خۆیەتی چۆنە، وەڵا هەر کە هاتنە لای من بێدڵیان ناکەمو چیان دەوێ با ئەوە بکەن».

### لەدایکیان یاخی دەبن

سۆیلە محەمەدی تەمەن ٤٩ ساڵ باس لەئەزموونی خۆی دەکات کاتێک منداڵەکانی بچووک بوون هەر کە لێیان توڕە بووە وتویانە لای نەنکمان شکاتت لێدەکەین، بەڵام کە ئێستا خۆیان گەورەبوونو منداڵیان هەیە حاڵەتەکە بەهەمان شێوەیە کە ئەوان لەگەڵ منداڵەکانیاندا توندنو منداڵەکانیش داپیرەیان خۆشتر دەوێت، سۆیلە وەک نەنکێک پێی وایە دەبێت نازی زیاتر بداتە کچەزاکانیو دەڵێت «کچەکەم زۆر توندە لەگەڵ منداڵەکانیو هەندێ جاریش زۆر فەرامۆشیان دەکات، لەسەر ئەمە زۆر کێشەمان هەبوو نەگەیشتینە چارەسەر، بۆیە بڕیارمدا من دەست لەو مەسەلەیەوە وەرنەدەمو لێگەڕێم دایکیان چارەسەری بکات».

> ئێمەی نەنکەکان بەردەوام خۆشی لەوە دەبینین کە ناز دەدەینە کوڕەزاو کچە زاکانمان، هەندێ جاریش دایکو باوکیان ئەوەندە توڕەن کە ئێمە دڵمان بەمنداڵەکان دەسوتێت

سۆیلە رای وایە ئەگەر دایک نازی نەدا بەمنداڵەکانی باشترە نەنک ئەو نازەیان بداتێ، بەڵام نابێت ئەویش لەسنووری تێبپەڕێنێتو وابکات منداڵەکان گوێ لەدایکیان نەگرن.
لەبەرامبەردا بەهرەی کچی سۆیلە کە دایکی دوو منداڵە پێی وایە ئەو کێشەی بەمنداڵی لەگەڵ دایکیدا هەیبووە زۆر جیاوازە لەو کێشەیەی کە ئێستا خۆی لەگەڵ منداڵەکانی هەیەتیو سەردەمێک هاتووەتە پێشەوە کە پەروەردەکردن زۆر جیاوازە لەوەی جارانو دەبێت لەگەڵ کاتی ئێستادا بگونجێتو دەڵێت «باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک هەبێت بەقەد دایک منداڵەکانی خۆش بوێتو بەتەنگ پەروەردەیەکی باشەوە بێت».
بەهرە پێی وایە هەندێ جار توندبوون بەرامبەر منداڵ کارێکی باشە، چونکە رێی راستی نیشان دەداتو ناهێڵێت بکەوێتە هەڵەوە بەتایبەتی کە ئێستا منداڵ زۆر چاو کراوەترە «منداڵی ئێستا زۆرزانو زۆر بیرۆکەی تایبەتیان هەیە، ئەگەر لێیان بگەرێیت رەنگە بەباشی پەروەردە نەبنو بکەونە هەڵەوە».
بەهرە ئەوەش روون دەکاتەوە کە پەروەردەکردنی ئەم سەردەمە زۆر قورسەو جیاوازە لەجاران، هەموو کێشەکەشی لەگەڵ دایکیدا ئەوەیە کە ئەو دەیەوێت بەشێوازی سەردەمی کۆن منداڵەکان پەروەردە بکات «ئەو رێگایەی بیست ساڵ پێش ئێستا منداڵی پێ پەروەردە دەکرا زۆر جیاوازە لەوەی ئێستا تەنانەت زۆرجار پێچەوانەی ئەوەی پێشووە».

### داپیرە ئەزموونی زیاترە

بەهیە عەلی تەمەن ٥٣ ساڵ پێی وایە واباشترە دایک رێکە بدات داپیرەش بەشداری هەبێت لەپەروەردەکردنی مناڵەکان، چونکە داپیرە ئەزموونی زیاترەو پێشتر منداڵی پەروەردە کردووەو بەوردی لەو حاڵەتە تێگەیشتووە، هەروەها دەبێت داپیرەش سنور تێنەپەڕێنێتو رێ بەدایکو باوکی منداڵەکە بدات پەروەردەیەکی تەندروست هەڵبژێرن، چونکە ئەوانیش پاش گەورەبوونیان تێگەیشتوون لەوەی ئەو پەروەردەکردنەی جاران چ کێشەیەکی هەبووەو دەتوانن چارەسەری بکەن، بەهیە دەڵێت «ئێمەی نەنکەکان بەردەوام خۆشی لەوە دەبینین کە ناز دەدەینە کوڕەزاو کچە زاکانمان، هەندێ جاریش دایکو باوکیان ئەوەندە توڕەن کە ئێمە دڵمان بەمنداڵەکان دەسوتێتو بەرگریان لێ دەکەین».

### لەنێوان دوێنێو ئەمڕۆدا

سۆزان عومەر کە دایکی منداڵێکە پێی وایە ئێستا سەردەمەکەی زۆر جیاوازترە لەجارانو نەنک کەمتر دەست وەردەداتە پەروەردەکردنی منداڵەوە، چونکە ئێستا زۆربەی ئەو کوڕو کچانەی کە دەچنە ژیانی هاوسەرییەوە ماڵی جیا بۆ خۆیان دروست دەکەن، بۆیە کە داپیرە لەگەڵ منداڵەکان نابێت ئەوەندەش کاریگەری نییە لەسەریان، چونکە رەنگە لەهەفتەیەکدا جارێک بۆ دووجار منداڵەکان ببینێت.

### سەر لەدایک دەشێوێنێت

شەهلا جەمال کە دایکی دوو منداڵە پشتگیری لەو رایەی پێشووتر دەکاتو پێی وایە نەنک وەک جاران کاریگەری نەماوە لەپەروەردەکردنی منداڵدا، بەڵام هێشتا هەندێ وردە گرفت هەیە، چونکە زۆرجار دایک بەرنامەیەکی پەروەردەکردنی دیاریکراو بۆ منداڵەکە دادەنێت، بەڵام کاتێک دەچێتە ماڵی نەنکی بەرنامەکە بەو شێوەیە ناڕواتو سەر لەدایکەکە دەشێوێنێت، یاخود دایکەکە دیاری کردووە کە منداڵەکە چەند جۆرە خۆراکێک نەخوات، بەڵام داپیرە بەوەوە پابەند نابێت.

### بۆچی لەگەڵ ئێمە وابوو؟

سەناریا حەمەد کە دایکی منداڵێکە پێی سەیرە کە جاران دایکی خۆی لەگەڵ ئەماندا توند بووەو کەچی ئێستا لەگەڵ کچەزاکانیدا نەرمو نیانە، سەناریا باس لەوەش دەکات کە هەرکاتێک لەمنداڵەکانی توڕە ببێتو شتێکیان بەقسە نەکات، یەکسەر پەنا دەبەنە بەر نەنکیان، ناوبراو دەڵێت «هەر لەوە تێناگەم دایکم هەر ئەو ژنەی جارانە ئاوها لەگەڵ ئێمە توند بوو کەچی بۆ منداڵەکەی من وانییە».

### یارمەتی دایکو باوک دەدات

نەجیبەی دایکی سەناریا ئەو قسانە رەت دەکاتەوە کە نازێکی زیاد لەپێویست بداتە کچەزاو کوڕەزاکانیو پێی وایە دەبێت داپیرە ئاوها نەرمو نیان بێت لەگەڵ منداڵەکان، چونکە کە دایکو باوک نازیان نادەنێ دەبێت نەنکیان شوێنی ئەوە بگرێتەوەو وا بکات دڵی منداڵەکان نەڕەنجێت، دیسانەوە دەبێت لەوەشدا زیادەڕەوی نەکرێت.